# نامەیەك بۆ شێخی تەریقەت

فەرمان سالح

دڵنیام ئەم نامەیە نە بە دەستت دەگات و نە دەشیخوێنیەوە، بەڵام هەندێ لە دەروێشەكانت ئەوانەی بە دیار فیلمە تراژیدیەكانتەوە زكر دەكەن و كردەوەكانت بە بە موجیزە و جیهاد هەڵدەسەنگێنن دەیخوێننەوە و تورەشیان دەكات.. جەنابی یا شێخ.. نازانم ئێستا چارەنووست بە چی گەیشتووە! هیندە نەبێ ئاگادارم لێرە و لە وێ باس باسی تۆیە و جیهاد و تێكۆشانەكانت، بوونەتە جێگەی مشتو مڕ و مقۆ مقۆی ناو خەڵك، ببورە.. گەر بڵێم لە تۆماری دیرۆكی مندا ، ئێوە و ئەنسارەكانتان هەمیشە وەزیفەتان ئاشووبگێری و تێكدانی ئارامی بووە هێندە قیزەوەنن دەتانەوێت بە شلوارێكی كورت و ریشێكی درێژەوە لە ژێر ناوی ئیسلام و قورئان،شار بكەن بە دۆزەخ و بەهەشتی سپی سەرزەمینیش بۆ خۆتان دروست بكەن و گریە و دڵەڕاوكێش بە خوشك و برا موسلمانەكانتان ببەخشن:

ئێوە لە كەنار دەریای سووری شەڕەنگێزیەوە هاتوون و دەتانەوێت بەرائەت لە چاوی منداڵانی وڵاتەكەم بدزنەوە و خۆتان و هەموو ئەنسارەكانتان پڕ كەن لە خۆشنوودی... جەنابی شێخی تەریقەت... ئێوە چەندە گەمژەن دەتانەوێت لە ژێرزەمینەكانتان مرۆڤی بی گوناه بە زیندوویی لەت و پەت بكەن و ئیرەیتان بە پێكەنینی پڕ لە ڕازی كچان و كوڕانی وڵاتی من دێت و سەنگەرتان لە ژوانی ژێر سێبەری باخەكان گرتووە و لێوان لێون لە دڕندەیی...

ئێوە شارتان دابەش كرد بەسەر كۆمەڵێ گەڕەك لە مردن..جەستەی لەت و پەتی منداڵەكانتان لە ناو پەڕەی قۆرئان و پیرۆزیەكان شاردەوە..

ئەو نێربازیەی ئێوە ناوتان نابوو گەمەی سێكسی بڕواناكەم لە هەموو ئایەتەكانی قورئانەكەتاندا، بە حەڵاڵ باسی كرابێت، ئێوە حەڵاڵتان كرد، سەری چەندین كەستان بۆ ڕاهێنان و تێستی ئەنسارەكانتان بڕی، خوێنی دەیان كەستان فڕكرد..مزگەوتەكانتان كردن بە تیاترۆخانە و شەرمەزارتان كردین...

دەزانم ئێوە زۆر بلیمەت بوون، توانیتان قوتابیانی زانكۆش بكەنە شاگردی قەسابخانەكانتان و گەمەی سێكسیان دەگەڵ بكەن...توانیتان جەستەی دەیان كەس بهاڕن و لە ناو عەلاگەی ڕەش دا بیشارنەوە... ڕێكخستنەكانتان پەل و پۆیان داكوتاوەتە ناو دامەزراوەكانی ئاسایش و هێزەكانی پاراستنی شار!!

ئێوە لە یەك كاتدا، لە مزگەوتەكاندا زكرتان دەكرد و لە حەمامەكانیشدا كەللە سەرتان دەبڕی و لە ژوورە بە كامیرا نەسب كراوەكانیشدا جەستەی رووت و قوتی ژنانتان ماچ دەكرد و لە ناو هوتێل و ئاپارتمانە كانیشدا، لەگەڵ ئەندامە ئەنسار و براموسڵمانەكانتان نێر بازیتان دەكرد..جەنابی شێخ دەمەوێت لەم نامەیەدا هەندێ یادگاری دیكەی ناو مزگەوتەكانت بۆ باس بكەم، بەڵام بەداخەوە ئەم نامەیە بە دەستت ناگات...